وێنەیەکی تەرجەمە کراوی دەقە عەرەبییەکەیە

**بەناوی خوای بەخشندە ومیهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

**ژمارەی دەرهێنان: ١٣**

**رۆژی دەرهێنان: ٢٠٠٢/٧/١**

پشت بە حوکمەکانی برگە(١)ی ماددەی (٥٦)و ماددەی(٥٣)لە یاسای ژمارە(١)ی هەموارکراوی سالّی ١٩٩٢ولەسەر داوای وەزیری دارایی و ئابووری وەزامەندیی ئەنجومەنی وەزیران و ئەو یاساکارییەش کە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە(٢٦)ی رۆژی(٢٠٠٢/٦/٣٠)یدا ئەنجامی داوە و بەپێی ئەو دەسەلاّتەش کە برگە(٣)ی ماددەی دووەمی یاسای ژمارە(١٠)ی سالّی ١٩٩٧پێمانی داوە، بریاری دەرهێنانی ئەم یاسایەی خوارەوەمان دا:

## یاسای ژمارە(١٣)ی سالّی/٢٠٠٢
## یاسای یەکەم هەموارکردنی یاسای ژمارە(١٠)ی سالّی (٢٠٠٢)ی رەسمە عەدلییەکان

**ماددەی یەکەم:**

ماددەی یەکەمی یاسای ژمارە (١٠)ی سالّی ٢٠٠٢هەمواردەکرێ و وشەی (یەکەم)کە لە دوای (ماددە/٣٤)ەوە هاتووە لادەبرێ و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:

برِە پارەو رێژەو سنوورگەلی رەسمە عەدلییەکان کە دەقەکانیان لە ماددەگەلی (١٠، ١٥یەکەم و دووەم،١٦ ١٧ ١٩ ٢٠/یەکەم ـ ا،ب،ج،٢١/یەکەم، ٢٢/یەکەم، ٢٣یەکەم و دووەم، ٢٤ ٢٥ ٢٦ ٢٧/یەکەم،٢٨/یەکەم و سێیەم و چوارەم،٢٩ ،٣٤/دووەم و سێیەم، ٣٥/ یەکەم و دووەم، ٣٧ ٤٢/یەکەم و دووەم، ٤٣ ٤٤، ٤٥، ٤٩/سێیەم و چوارەم و پێنجەم،٥٣/شەشەم و دەیەم)ی یاسای ژمارە(١١٤)ی هەموارکراوی سالّی(١٩٨١)ی رەسمە عەدلییەکاندا هاتووە، لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا لەکاردەخرێن.

**ماددەی دووەم:**

ئەو رەسمەی کە لە زنجیرەی (٢١)ی ماددەی (دووەم)دا هاتووە هەمواردەکرێ وبەم شێوەیەی لێ دێت: (٢٪)بەمەرجێ لە (١٠٠٠)هەزار دینار زیاتر نەبێ.

**ماددەی سێیەم:**

پێویستە وەزیرە پێوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە بخەنە بەرکار.

**ماددەی چوارەم:**

ئەم یاسایە لە رۆژی بەرکارخستنی یاسای ژمارە(١٠)ی ساڵی(٢٠٠٢)وەوە دەخرێتەبەرکارو لە(وەقایعی کوردستان)دا بڵاودەکرێتەوە.

**د. رۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی ـ عێراق**